لیستی کوردستانی
٥٤


# ئاو... مادەی نهێنی ژیان

ئەوسا کە بۆ یەکەم جار وێنەی ڕەنگاوڕەنگی ((گۆی زەوی)) لەسەرانسەری جیهاندا بڵاو بۆوە، ئەم بۆ چوونە هاتە ئارا کە باشتر وایە شوێنی ژیانی ئێمە ناوی بگۆڕدرێ بە ((گۆی ئاوی)). بەربڵاوی زەریا ئاویە قووڵەکان و هەروەها دەریاکان بە ڕادەیەکە سێ بەشی پانتایی گۆی زەوی گرتۆتەوە و هەر ئەمەیش بۆتە تایبەتمەندیەک کە گۆی زەوی لە هەسارەکانی تری کۆمەڵەی خۆر جیابکاتەوە. باو باپیرانی ئێمە نرخ و بایەخی ئاویان بەچاکی درک پێ کردبوو و، ئەم مادەیەیان خستبووە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و بە مادەیەکی پیرۆزیان دادەنا. نرخ و بەهای ئاو بەڕادەیەک بوو کە ((جۆلیۆس سیزار)) ئامادەیی خۆی دەربڕی ئەگەر میسریەکان سەرچاوەی ((ڕووباری نیل)) ی بۆ ئاشکرا بکەن، کۆتایی بە شەڕ بهێنێ.

1



لەگەڵ ئەوەیشدا، بە درێژایی مێژوو، هێزی ئاو مرۆڤی سەرسام کردووە. کاتێ ڕووباری زەرد لە ساڵی 1332لە (چین) تۆغیانی کرد نزیکەی حەوت ملیۆن مرۆڤ تیایدا خنکان. کاتێ ڕووداوێکی دیکەی لەم چەشنە لە ساڵی 1887دووبارە بۆوە شەش ملیۆن مرۆڤی تر بەهۆیەوە گیانیان لە دەست دا.
دانیشتوانی شارە پێشکەوتووەکانی ڕۆژئاوا، زۆربەیان بایەخی ئاویان پشت گوێ خستووە. ئاو یەکێ لە گشتی ترین مادەکانی سەر ڕووی زەمینە کە کێو و لێوارەکان پێک دەهێنێ، ژینگەی جیهانی ڕێک دەخات و هەموو لایەنەکانی ژیانی ئێمە هەڵدەسوڕێنێ. لەگەڵ ئەوەیشدا ئاو هێشتا مادەیەکی سەیر و نەناسراوە بۆ مرۆڤ. چونکە تەنها مادەیەکە بە هەرسێ شێوەی شل و مەیبیو و هەڵم لە سروشتدا هەیە. زانایان تائێستا نەیانتوانیوە هەموو تایبەتمەندیەکانی ئاو بدۆزنەوە. ئەوەی کە بۆ هەموو کەسێک ئاشکرا و ڕوونە ئەوەیە، کە هیچ مرۆڤێک لەسەر گۆی زەوی لە توانای دانیە زیاتر لە چەند ڕۆژێک بەبێ ئاو درێژە بە ژیان بدات. بە پێچەوانەی نەشونما و روو لە زیاتر بوونی ڕۆژانەی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی، ئاوی پاک و خاوێنی خواردنەوەی ژێر زەمینی روو لە کەمی دەکات و مرۆڤ رووبەرووی گرفت دەکاتەوە. زۆربەی وڵاتە کەم ئاوەکان سوود لە رووبار و کانیاوە ژێر زەمینیەکان وەردەگرن و بەم شێوەیە ئاویش بەرە و کەمبوونەوە دەچێ.
ئەمەیش پێشبینیەکی زۆرتاڵە کە ڕۆژێک دادێ ئاو ببێتە هۆکارێک بۆ هەڵگیرسانی شەڕ.
((شەڕی ئاو)) هیچ دوورنیە ڕۆژێک گۆی ئاوی ئێمە بەرەو وێرانی و کاولٚ کردن ببات.
ئاو یەکێکە لە گەورەترین مەتەڵە زانستیەکان. مرۆڤ زیاترین لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەم مادە شلە ئەنجام داوە و کەمترین زانیاری لەبارەیەوە دەست کەوتووە. ئێمە ناتوانین ڕۆڵی گرنگی ئاو لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ وەلاو، بخەین چونکە بێ ئاو ژیان لەسەر رووی زەمین نامێنێ. هەسارەی ئێمە نزیکەی 4,6 ملیارد ساڵ پێش دروست بووە. هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو لە ئارا دانیە کە بسەلمێنێ بەر لە نێوان 4,6تا 3,8ملیارد ساڵ بەر لە ئێستا ئاو هەبووبێ. هەڵمی ئاو لە دەوروبەری زەوی لەو سەردەم پەیدابوو. چەندێک لە زانایان وای بۆ دەچن ئەو هەڵمە لە ئەنجامی غازە بەرز بووەکانی تەقینەوەی بورکانەکانە و هەر ئەو تەقینەوانەیش ئەتمۆسفێری زەمینیان پێک هێناوە.
هەندێکی تر لەو باوەڕە دانە ئاو، مادەیەکی بێگانەیە کە لە ئەنجامی پێکدادانی ئەستێرە و بەردە ئاسمانیەکان هاتۆتە سەر زەوی. هەندێکیش دەڵێن ئاو لە ناو بەردە پێکەوە نووساوەکان هەبووە. بەدرێژایی ملیۆنەها ساڵ پلەی گەرمای گۆی زەوی وردە وردە دابەزی. لە ئەنجامدا، هەڵمی ئاو لە فەزا تێک زەریا و دەریاکانی ئێستای لێ کەوتەوە.
زۆربەی زانایان لەسەر ئەو باوەڕە کۆکن کە ژیان یەکەم جار لە ئاوەکانی پڕ لە مادە خۆراکیەکان دەستی پێ کرد.

**ئاو یەکێکە لە گەورەترین مەتەڵە زانستیەکان. مرۆڤ زیاترین لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەم مادە شلە ئەنجام داوە و کەمترین زانیاری لەبارەیەوە دەست کەوتووە. ئێمە ناتوانین ڕۆڵی گرنگی ئاو لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ وەلاو، بخەین چونکە بێ ئاو ژیان لەسەر رووی زەمین نامێنێ**

ئەم پرۆسەیە دەبێ لە شوێنێک لە ناو ئاودا دەستی پێ کردبێ. چونکە زەوی لەسەرەتادا، چینی پارێزەری ئۆزۆنی نەبوو و، ئاو دەیتوانی بەرگری لە بوونەوەران بکات لە بەرامبەر تیشکی ئەوپەڕی وەنەوشەیی. لەم ڕۆژگارەدا زانایان رایانگەیاندووە ژیان لە کونێکەوە دەستی پێکردووە کە زۆر گەرم بووە و نزیکەی چوار کیلۆمەتر دەکەوێتە ژێر دەریاوە.. لە دەروازەی ئەو کونە، کە هاوچەشنی بورکانە، سولفورێک دەردەچێ کە ئاوی یەکجار گەرمی دەریا و مادە کیمیاییەکان و چەندین جۆرە ئاسنجاتی تێدایە. مادە کیمیاییەکان و ئاسنجاتەکان لە توانەوەی ئەو مادانەی لەناو ئاودا دەتوێنەوە هاتوونەتە کایە. ئەو جێگایە ئەوەندە قووڵە کە رۆشنایی خۆر هیچ کاتێک نایگاتێ. پلەی گەرمی دەوروبەری کونەکە لە نێوان 100تا 200سانتی گرادە و پاڵەپەستۆی دووسەد بەرامبەری پاڵەپەستۆی فەزای زەمینە. هەموو ئەو ئەنجامەیش لە توێژینەوەکانی گروپێکی ئوسترالیایی بەدەست هاتووە. ئەو گروپە توانی جۆرێک لە فوسیلێکی تەک سلولیی بدۆزێتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ 3,235ملیۆن ساڵ لە نێوانی بەردەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئوسترالیادا. ناوچەی ناوبراو ئاوێکی زۆر گەرمی هەیە لە ڕووی دەریاکانیدا.
ئاویش هەمیشە هۆکاری ژیان نیە. بگرە جاری وا هەیە مادەیەکی زۆر سەیرە. ئاو بێجگە لە هەردوو حاڵەتی مەیبیو و غاز، لەگەڵ زۆرینەی مادەکانیشدا تێکەڵ دەبێ. گەردیلەکانی بچوکی ئاو بە ئاسانی بە مادەکانی تر دەورە دەدرێن، ئەو مادەیە ئەلکترۆنی سارد و گەرم لە خۆیەوە دەگرێ کە ئەمەیش یارمەتی دەدات بۆ تێکەڵبوونی.
هەموو گازەکانی کە لە هەوا دا هەن، تاڕادەیەک لە نێو ئاودا دەتوێنەوە و تێکەڵ دەبن.
ئەم پرۆسەیەش ئۆکسجینی پێویست دابین دەکات بۆ بوونەوەران. یەکێکی تر لە تایبەتمەندیە سەیرەکانی ئاو خۆراگریە زۆرەکەیەتی، تەنانەت ئەگەر گەرمایی تا دوو هەزار پلەی سانتی گرادیش بەرزبێتەوە. بەشێکی کەم لە گەردیلەکانی دابەش دەبنە سەر هایدرۆجین و ئۆکسجین ئەم خەسڵەتەش لە هەموو مادەکاندا نییە.
بۆ بەرزکردنەوەی پلەی ئاو گەرماییەکی زۆر پێویستە بە جۆرێک کە لەگەڵ مادە هاوشێوەکانی خۆی وەک متان و سولفید هایدرۆجین، پلەی کوڵان و خاڵی توانەوەی زۆر بەرزی هەیە. خاڵێکی تری شایانی سەرنجدان پلەی کوڵانی ئاو پەیوەندی بە پاڵەپەستۆی هەواوە هەیە. هەرچەندە بەرزایی زیاتر بێ، ئاو بۆ کوڵین پلەیەکی گەرمایی کەمتری دەوێ. هەر بۆیە دانیشتوانی کێوەکانی (تبت) دەتوانن چای لە حاڵەتی بڵق لێدان بخۆنەوەو تەنانەت بینراوە ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵکی (تبت) بەهۆی خواردنەوەی چای زۆر گەرم دەم زمانیان سووتاوە.
سەرەڕای ئەوەی نیوەی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی هیچ گرفتێکیان لەلایەن ئاووە نیە، ڕێژەیەکی زۆری خەڵکیش تەنانەت بەشی خواردنەوەی ڕۆژانەی ئاویان دەست ناکەوێ. هەر مرۆڤێک بۆ درێژەدان بە ژیانی ڕۆژانە پێویستی بە لیترێک ئاوی خواردنەوە هەیە. ئاو هۆکارێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی پلەی گەرمای جەستە و، کەم ئاویش دەبێتە هۆی گیان لە دەست دان. لە ناوچە گەرمەسێرەکان مرۆڤ بەبێ ئاو، کەمتر لە شەش ڕۆژ دەتوانێ بژی. جەستە بەردەوام لە حاڵەتی لە دەستدانی ئاوە و ئەمەیش لە ڕێگای هەناسەدان و کونەکانی پێست و گورچیلەکان ئەنجام دەدرێ. مرۆڤ چەندین هەفتە دەتوانێ بێ خۆراک بژی بەڵام ناتوانێ هەفتەیەک بەبێ ئاو بژی. هەموو شارستانیەتەکان، کۆمەڵەکانی سەرەتایی لەو شوێنانەوە پێک هاتوون و دروست بوون کە ئاوی لێیە. ئەوان کۆنترۆڵی ئاویان دەکردو ئاراستەی ئاویان بەلای شوێنە کشتوکاڵیەکانیاندا دەشکاندەوە. زۆر لەو کارانەی ئەوان ژ ئەوسا- کردوویانە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاو بە مەبەستی سوود لێ وەرگرتنی، پێویستی بە ئەقڵ و پلانێکی گەورەی ئەندازیاری هەبووە. بۆ نموونە ئاو بەستێک لە نزیک شاری قاهیرەی پایتەختی میسر هەیە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێهەمی پێش زایین کە بۆ دروستکردنی، پتر لە سەد هەزار تۆن خاک و بەردی تیا بەکار هاتووە. بە پێی مەزەندەی لێکۆڵەرەوان 1,4 ملیار کیلۆمەتری سێجا ئاو بەشێوەی شل و بەستراو لەسەر رووی زەویدا هەیە.

**و. ئا/ مقداد شاسواری**

## گەرمبوونی زەوی...
# هەڕەشە لە هیندۆس و ئاینەکەیان دەکات



تێک چوونی کەش و هەواوگەرم بووگۆی زەوی وەنەبێ بەتەنها هەرەشە لەهەندێک شت بکات بەڵکوگەرم بوونی گۆی زەوی ئەمرۆ هەڕەشە لەمرۆڤ وەروەک و گیانلەبەران وداهاتووی گەردوون دەکات. تەنانەت هەرەشە لە هەندێک ئایین و ئاینزاش دەکات ئەو ئایینانەی کەهەر لەگەڵ بوونی مرۆڤە وەهاتوون کەچی ئەمرۆ گەرم بوونی زەویی وخراپی ژینگە هەرەشە لەمانیش دەکات ئایاچۆن گەرمی زەوی هۆکارەلە لەناوچونی ئایینی هیندۆسی.

پەیوەندی کەش و هەوا چی یە بەئاینەکەیان ؟ ئایا راستە چیای (هیمالایا)وون دەبێ؟ بەڵی بەرزبوونەوەی گەرمی زەوی هەرەشە لەرووباری (گانج) دەکات لەهیندستان. ئەو رووبارەی کە بەبنەمای سەرەکی ئەژمار دەکرێ لەئایینی هیندرۆس. زانایان دەڵێن« بەفری ئەم بەرزییانەکەم دەکات بەرێژەی 23مەتری چوارگۆشە لەساڵێدا. واتا دووهێندەی خێرایی توانەوە لە20ساڵدا رێژەی 70 ٪ ئاوی رووباری (گانج)لەم بەرزاییە بەفراوییە دێتەخوارەوە کە دەکەوێتە پلەی چیای بەناوبانگی هیمالایا. ئەم رووبارە لەلای هیندۆسیەکان کەژمارەیان 800ملیۆن کەسە لەهیندستان تایبەتمەندی ئاینی خۆی هەیە ئەویش ئەوەیە رووباری (گانج)سەرچاوەی چاکبوونەوەی رۆحی و جەستەییە.
لەلایەکی تر راپۆرتێکی نەتەوە یەککگرتووەکان هۆشداری دا لەتوانەوەی بەفری بەرزاییەکانی هیمالایا تەنانەت لەراپۆرتەکە هاتووە کە سەرجەم بەفرەکەبەهۆی گەرمی زەوی تاساڵی 2030دەتوێتەوە ئەمەش زەنگێکی مەترسی یە بۆهیندۆسیەکان. وەهەروەها (دەزگای پارێزگاری ژیانی ووشکانی لەجیهان) راگەیاندن کە رووباری (گانج) لەچاو رووبارەکانی تری زەوی زۆرترین مەترسی لەسەرە . پانتای رووپۆش کراو بە بەفر لەهیمالایانە بەخێرای کەمی کردوە تەنانەت زانایان لەوەدەترسن کە بەتەواوی بەفری سپی لەچیاکە وون بێ ئەوچیایەی کەبەدرێژی 2400کیلۆمەتر لەنێوان پاکستان و هیندستان و چین و نیپال و بۆتان درێژ بۆتەوە. ترسەکان زۆربوونە لەپاشەکشە کردن و کەم بوونی بەفر لە هیمالایا چونکە ئەم چیایە سەرچاوەی ئاوی نۆلەگەورەترین رووبارەکانی ئاسیایە ئەو رووبارانەی 3,1 ملیار مرۆڤ پشتی بێ دەبەستی ، واتائەمە جگە لەمەترسی بۆ سەر ئایینی هیندۆس سێ ملیار مرۆڤیش ژیانیان دەکەوێتەمەترسی بەهۆی کەم بوونی ئاوەوە بەهۆی کەم بوونی ئاوەوە وێرای مەترسی لەناوچوونی دەیان گیانلەبەری ووشکانی و ئاوی لەناوچەکە.
پلەی گەومی لەم ناوچانە بەدرێژی 0,16بۆ0,6پلەی گەرمی بەرزبۆتەوە ئەمیش لە ساڵی رابردوو. وەهەروەها زانایان هۆشداری دەدەن لەهەڵچونی دەریاچەکان بەهۆی بەفرەوە ئەمش بەهۆی پاشماوەی بەفری تواوەی خێرا ئەمەش هەرەشەیە لە روودانی لافاو لەم دەریاچانە ئەمەش وادەکات کەخەڵکی دانیشتوانی چیاکە لەناوبچن و تووشی مەترسی ببنەوە . چونکە هەڵکەوتەی جوگرافی و سروشتی ناوچەکە وایەکە خەڵکی ناوچەکە لەقەدپاڵی چیاکان نیشتەجێ بوونە بۆیە روودانی لافاو وادەکات زۆرترین زیانی گیانی دروست بێت.
ئێستا چیای (ئەمجا)ی بەفرینی لەباشووری لوتکەی ئیڤەرێست بەرێژەی 70٪ مەتر سالانە بەفری لێ کەم دەکات ئەمەش وادەکات کەپاشماوەی بەفرەتواوەکە بکەوێتە دەریاچە گەورەکان.
لەماوەی پەنجاساڵی پێشوو تەنها 12دەریاچە هەبوو لە نیپال کەچی لەدوای رۆژمێری ساڵی 2000دەرکەوتووە ژمارەی دەریاچە گەیشتۆتە 2400لەنێوانیاندا 14دەریاچە لەسەروبەری لافاودان لەهەمووی مەترسیدارتر ئەوەیە کەئاوی هاتە خوارەوەی چیاکە مەترسی لافاوی گەورەی لێ دەکرێ ئەویش لەئەنجامی روودانی بومەلەرزەی بچوک ئەم کارەش دەبێتە هۆی لەناوچوونی ناوچەکە چونکە ئاوەکە ئەوەندە بەهێزدەبێ ئەوەی بێتە پێش لەناوی دەبات و لەگەڵ خۆی دەبات. هیندۆسیەکان لەم رووداوانە زۆرنیگەرانن چونکە ئەگەر وا بڕوات هەرەشەیەکی گەورە لەسەر ئاییەکەیان دەبێ ئەم هەرەشەیەش هیچ چارەی نی یەتەنها ئەوە نەبێ کە دەبێ وڵاتانی جیهان پلەی گەرمی زەوی کەم بکەنەوە بەتایبەت کارگەپیشەسازیە گەورەکان وچالاکیە دژە ژینگەییەکان.

**وەرگێران / شوان مەولود**

**سەرچاوە/ گۆڤاری (المشاهد)ژمارە(590)**

**بابەتێکی جیومی لۆفیل لێکۆڵەرەوەی تایبەتمەندی لەکاروباری ژینگە لەندەن**